نێچیرڤان بارزانی وبالیۆزی ئێران جەختیان لە خواستی دووڵایەنە بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکان دەکەنەوە



ئەمڕۆ دووشەممە, نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە محەمەد کازم ئال سادق، باڵیۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەعکۆتوو, ڕایگەیاند: "پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە محەمەد کازم ئال سادق، باڵیۆزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد".

ئاماژەی بۆکرد ، "لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دەخی گشتیی عێراق، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی نێوانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، تاوتوێ کران".

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە ، "هەردوولا جەختیان لە خواستی دووڵایەنە بۆ بەرەودان بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای دراوسێیەتیی باش و بەرژەوەندیی هاوبەش کردەوە، بەتایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانیدا".

ئاماژەی بۆکرد ، "دەخی ناوچەکە بەگشتی و گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، تەوەرێکی

دیکەی کەبوونەوەکە بوو کە کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەوڵێر ئامادەی بوو".